نۆچیرڤان بارزانی و ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران تاوتوێی هەماهەنگی ئەمنی نێوان عێراق و ئێرانیان کرد

لە درێژەی بەرنامەی سەردانە فەرمییەکەیدا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیوارەی ئەمڕۆ دووشەممە، نۆچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، لە تاران لەگەڵ عەلی ئەکبەر ئەحمەدیان، ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، کۆبوونەوە.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوەکدا باڵاویکردەوە" لە کۆبوونەوەکەدا دەربارەی دۆخی ئەمنی و هاریکاری و هەماهەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، مەترسییە ئەمنییەکانی ناوچەکە و کاریگەری و لێکەوتەکانیان، بیروڕایان گۆڕییەوە.

هەردوولا جەختیان لە هاریکاریی هاوبەش و هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەردوو وڵات لەپێناو ئارامی و ئاسایشدا کردەوە و هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی وەرگرتن لە پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕییەکان و بەدوورگرتنی ناوچەکە لە پشێویی زیاتر.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەحمەدیان بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ عێراق بە هەرێمی کورستانەوە دەربڕی، سەرۆك نۆچیرڤان بارزانیش دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان وەك

هەمیشە فاکتەرەی ئارامی و سەقامگیری دەبێت لە ناوچەکەدا و بە هیچ لایەنێك نابێتە هەڕەشە.